ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە ئینگلیزی یەوە
عومەر عەبدوڵلا کوێیی

# نووسەرێکی ئینگلیز لە تاهیر بەگی جاف دەدوێ

نووسەری ئینگلیزی (ئێدمۆندز) (Edmonds) دەربارەی شاعیری گەورەی کورد (تاهیر بەگی جاف) ی نووسیوەو دەڵێ :-[1]

تاهیر بەگ کوڕی وەسمان پاشای کوڕی محەمەد پاشای جافەو لە ساڵی ( ١٢٩٥ ك = ١٨٧٨ز ) هاتۆتە . دنیاوەو لە ساڵی ( ١٣٣٧ ك = ١٩١٨ ز ) دا لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووەو تەرمەکەیان بردۆتەوە هەلەبجەو لە گوندی ( عەبابەیلێ ) ناشتراوە .

تاهیر بەگ لە هیچ قوتابخانەیێکی بەرزی نەخوێندووە ، بەڵکو تەنیا لە قوتابخانەی گوندەکەی خۆیانی خوێندووەو بەمە زانیاری یەکی گشتی وەرگرتووەو بووە بە شاعیرێکی گەورەو بەناوبانگ ، ووشەی شیعرەکانی جوان و ناسك و پڕ سۆز بوون و شاعیر نەك هەر بە کوردی بەڵکو بە چوار زمانان شیعری داناوە : بە کوردی و فارسی و تورکی و عارەبی و هەموو شیعرەکانی سەرواداروکێش سوارو ئاوازە داربوون .

شاعیر لە ژیانی ڕۆژانەشی تابلێی زیرەك و بەتوانابووە . بۆ نموونە : جارێکیان لە سەردەمی حکومەتی تورکی عوسمانلی ، پازدە ساڵ پێش شەری گەورە ، مێیجەر سۆن ( Major Soane ) بە گەشتێکی نهێنی هاتۆتە کوردستانی عیراق و پاش ئەوەی چەند ساڵێك لەوێ ماوەتەوە ، چووەتە ماڵی وەسمان پاشای باوکی شاعیرو بۆ ماوەی شەش حەوت مانگ بووە بە خزمەتکاریان و ناوی لە خۆی ناوە (غولام حوسێن) .

ئەو غولام حوسێنە زۆر بە چاکی ئیشی لە لایاندا کردووەو تاهیر بەگیش زۆر بەرێزەوە سەیری کردووەو لەبەر غەریبی و بێکەسی خۆشیویستووەو بەچاوی خزمەتکار تەماشای نەکردووە . لە ئەنجامدا کە دەبینێ خووڕەوشتی وەکو خووڕەوشتی خزمەتکاران نی یە گومانی لێدەکا کە پیاوێکی ئاسایی بێ . ڕۆژێك تاهیر بەگ تەشای کتێبێکی فەرەنسی دەکات ، غولام حوسێن (مێیجەر سۆن) کە چاوی پێ دەکەوێ ، پێی دەڵێ : «گەورەم ئایا تۆ فەرەنسی دەزانی ؟» تاهیربەگیش لە وەلامدا دەڵێ : «بەڵێ کەمێکی لێ دەزانم . ئایا تۆ هیچی لێ دەزانی ؟» . غولام حوسێن دەڵێ : «بەڵێ شەش حەوت ساڵان لەمەوبەر لە وولاتی فارس (ئێران) خزمەتکاری فەرەنسی یەك بووم و کەمێ زمانی فەرەنسی لەو فێربووم .»

کە تاهیر بەگ ئەمەی لێ بیست ، هەموو . جارێ بە زمانی فەرنسی لە بارەی هەندێ مەسەلەی نهێنی یەوە لەگەلی دەدوا . ڕۆژێ لە کاتی قسەکردنی لە گەڵ غولام حوسێندا گوێی لێدەبێ غولام ووشەی (نۆ = No) لە جیاتی ووشە (نا)ی کوردی بەکاردێنێ ، لەوەوە گومانی پتر لێ دەکات و بۆی ساغ دەبێتەوە ناوی ڕاستی (غولام حوسێن) نی یەو ئینگلیزە . لەپاشدا شاعیری زیرەك بانگی دەکات و دەڵێ : «ناوت چی یە ؟»

غولام حوسێن گوتی : «بەقوربانت بم ، مەبەستت چی یە ؟ ناوم ئەوەیە کە تۆ بانگم پێ دەکەی .»

تاهیر بەگ دەڵێ : «نەخێر تۆ ناوی خۆت گۆڕیوە ... تۆ ئینگلیزی !!»

غولام حوسێن گوتی : «چۆن دەزانی ؟» تاهیربەگ دەڵێ : «لەقسەکانت ڕا دیارە !»

ئینجا غولام دەڵێ : «ڕاستە من ئینگلیزم و ناوم مێیجەر سۆنە ، بۆ ماوەی چەند ساڵێك گەشتم بەناو ئێران و تورکیاو عیراقدا کردووە .»

کە تاهیر بەگ ئەمەی زانی ، داوای لە (مێیجەر سۆن) کرد کە لەوێ نەمێنێتەوە نەوەك لەگەڵ حکومەت لێیان ببێ بە ناخۆشی (واتە : حکومەتی عوسمانلی) . ئینجا (سۆن) لێیدا ڕۆیشت و لەدواییدا گەشتنامەیێکی نووسی و تێیدا گەلێ باسی زیرەکی و وریایی تاهیر بەگی کردووە .

سەرچاوە

---

(١) بڕوانە کتێبی :-

KURDS, TURKS AND ARABS )

Edmonds, Oxford University Press, 1957, Pages : 149, 150, 151 .